# كێ لە پیسی، پیسترین شارۆچكە لەكوردستان بەرپرسیارە؟!



■ ئا: هەڵگۆرد

شارەوانی چۆمان وەك هەموو شارەوانییەكانی تری كوردستان بودجەیەكی باشی لەبەردەست دایە و تەواوی پێداویستییەكانی شارەوانییەكی گەورەی لەبەردەست دایەو بەقەد فراوانی ناوچەكە مومتەلەكاتی هەیە، ئەو شارەوانییە كە چەند كەسێكی تێدا دامەزراوە و ڕێژەیەكی خەیاڵی فەرمانبەری هەیە، ئەمەجگە لە سەرۆكێك و چەندان ئەندامی ئەنجومەن بەڵام سەیر لەوەدایە تا ئێستا نەیانتوانیوە بۆ ماوەی یەك هەفتە بە ڕێك و پێكی تراكتۆرەكەیان بەناو گەڕەكەكانی چۆمان دا بڕوات و بتوانێت گلەیی خەڵكەكە نەهێڵێت، هەفتەی ڕابردوو خەڵكی چەند گەڕەكێكی چۆمان تەواوی ئەو زبڵ و پاشماوەی هەیان بوو لە ناوەڕاستی شەقامەكانی شاردا ڕشتییان، ئەمەش لەبەر ئەوەی كە چەند ڕۆژێك بوو تراكتۆر و ئۆتۆمبێلەكەی شارەوانی نەهاتبوون، خەڵكی گلەیی زۆریان لە شارەوانی هەیە و پێیان وایە پیسترین شارەوانی هەرێمی كوردستانە، قەزای چۆمان كە خەڵكێكی زۆر تێیدا ئاژەڵیش بەخێو دەكەن و ئەمەش ئەركی شارەوانی قورستر دەكات كە دەبێت جیددیانەتر كارەكانی ئەنجام بدات، بەڵام لای شارەوانی چۆمان تا ئێستا بیر لەو زیاتر خۆ ماندو كردنە نەكراوەتەوە، ئەگەر بەخێرایی سەیری گەڕەكەكانی چۆمان بكەین سەیردەكەین هەموو گەڕەكێك زبڵ خانەیەكی لێیە، بەڵام زبڵخانەیەكی پیس بێئەوەی هیچ خاسیەتێكی زبڵخانەی تێدا بێت، ئەو زبڵخانانە تەواوی پیسی و پۆخەڵیيان پێوە دیارە و زۆربەی ئەو ماڵانەی نزیكی زبڵخانەكانن بەپێ ی ئەو بەدواداچونەی هەڵگۆرد بۆی كردوە ئەگەری توشبونیان بە چەندان نەخۆشی كوشندە لێدەكرێت، لەلایەكی ترەوە ناوبازاڕ لەوپەڕی پیسیدایە ئەمەش سیمای شاری تێكداوە و ئەوەی سەردانی چۆمان دەكات وادەزانێت چۆمان شارەوانی لێنییە، هەرچەندە جێگای دڵخۆشییە كە ئێستا ئەو زەبالانە دابەشكراون بەسەر دوكاندارەكان بەڵام ئەوەش ناكاتە ئەوەی شارەوانی دەستەوەستان بووەستێت، دزێوترین و ناشیرینترین شتێك كە ئەو شارەوانییە تا ئێستا بیری لێنەكردۆتەوە ئەو زبڵخانانەیە یان روونتر بلێین ئەو گوفەكانەیە كە لەدەم رووبارەكانی ناو سەنتەری چۆمان هەنە و شارەوانیش گوێ ی پێنادات، ئەمڕۆ وەزارەتێك هەیە پێیدەوترێت وەزارەتی ژینگە بەڵام شارەوانیەكیش هەیە پێیدەوترێت شارەوانی دژە ژینگە، جێ ی داخە ئێمە لەبەردەم روبارەكان گوفەكەمان دروست كردووە و شارەوانیش بێدەنگە؟ راستە خەڵكەكەش تاوانی هەیە كە درێژە بەو كارە دزێوە دەدەن بەڵام ئەی نابێت شارەوانی ئەلتەرناتیڤێكی هەبێت بۆ ئەو گوفەكانە؟ ئەی نابێت شارەوانی بە كارەكانی خۆی هەڵسێت؟ ئەی نابێت ئەو سەرۆك شارەوانی و ئەندام شارەوانی و كارمەندانەی شارەوانی بەكارەكانی خۆیان هەڵسن؟ ئەی نابێت سیستەمێك هەبێت شارەوانی كاری لەسەر بكات؟ ئەی ئەو هەموو پارەیە بۆ پاراستنی بۆ سەرفدەكرێت مادام ئێمە كاولی دەكەین؟ ئەو گوفەكانە خەتەری زۆر گەورەن بۆ دروستبونی نەخۆشی كوشندە بەتایبەت بۆ خەڵكی گوندەكانی خوارەوەی چۆمان بەتایبەت و قەزای سۆران و رواندز و هەموو شوێنەكانی تری كوردستانیش، پێویستە هەوڵی بنەبڕكردنی ئەو گوفەكانەی ناو شار بدرێت و هەوڵی جیددیتر بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە و شارەوانیش چیتر بێئەمەلمان نەكات و لەگەرەكەكان زەبالە دابنرێت و قەدەغەی ئەوە بكات كە چیتر ئەو گوفەكانە هەبن و رۆژانە چەند جارێك ئۆتۆمبێلەكانی فرێدانی پاشماوە بگەڕێن و كارمەندان و بەرپرسانی شارەوانی لەناو هەموو كۆڵانەكان بگەڕێن و تێمێكی هۆشیاركردنەوەی خەڵكیان هەبێت و بەكورتی سیستەمێك هەبێت كاری لەسەر بكەن و بتوانن لەماوەیەكی زەمەنی كەمدا تەواوی ئەو كێشانە چارەسەر بكرێت، ئەو چەند قسەیەش تەنها بۆ هۆشیاركردنەوەی شارەوانی بوو لە مەترسیەكانی ئەو گوفەكە و پیسیانە، ئەگەرەكانی بلاْوبونەوەی نەخۆشیەكان و ژمارەی گوفەكەكان و شوێن و جۆریان و ژمارەی كارمەند و كرێكارانی شارەوانی و مومتەلەكاتی شارەوانی و بودجەی شارەوانی و جۆرەكانی سیستەمی كاركردنی شارەوانی هەڵبژاردنی شارەوانی و هەموو پەیوەستییەكانی تر بە شارەوانییەوە راپۆرتی تری دەوێت و بەدواداچونی وردی دەوێت، هەوڵدەدەین لەمەو دوا هەر جارەی یەكێك لە فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتی و سەرۆكایەتی و داوودەزگاكانی تری حكومەت بەدواداچونی بۆ بكەین لەسەر كۆی پێكهاتە و كاروبارەكانی و هیوادارین ئەوانیش هاوكاریمان بكەن بۆ ئەوەی بەیەكەوە پردێك دروست بكەیین لەنێوان هاوڵاتییان و دەستەلاّت دواجاریش هەر خۆمان و حكومەت و كەسانی بەرپرس لەدام ودەزگاكان سوود دەبینن.

# خاوەن موڵكەكانی چۆمان سەبارەت بە چاوپێكەوتنەكەی قائیمقامی چۆمان دەدوێن

لە ژمارەی ڕابردووی هەفتەنامەكەماندا قائیمقامی قەزای چۆمان عبدالواحید گوانی لەسەر زاری وەزارەتی دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئاماژەی بۆ ئەوەكردبوو كە لەچۆمان هیچ كەس موڵكی نییە، لەم بارەیەوە هەفتەنامەی هەڵگۆرد بە پێویستی زانی ڕاو سەرنجی چەند خاوەن موڵكێك لە چۆمان وەربگرێت، لەم بارەیەوە خاوەن موڵكەكان لە چۆمان سەبارەت بەم قسەیەی قائمقام بۆ هەڵگۆرد دوان:

**مامۆستا عومەر محمد:**

من ڕێزم بۆ هەموو قسەیەك هەیە، بەڵام ناكرێ بەگشتگیر قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بكرێت، كێشەی موڵكایەتی لە هەموو كوردستان هەیە، تائێستا ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكان كە حوكمی عێراقیان كردووە، ویستویانە یاسای خاوەن داریەتی موڵكایەتی لەبەر ژەوەندی شۆڤێنیانەی خۆیان دابڕێژن، بەنیسبەت چۆمان لەساڵی ١٩٥٧ بڕیاری تسویەی زەوی دەرچووە كە خاوەن موڵكەكان مافی بەكاربردن (حق التصرف)یان بەسەر زەویەكانیان هەیە، چونكە ئەوكات زەویەكان سروشتێكی كشت و كاڵیان هەبووە، دوایش كە ئەو زەویانە كەوتوونە سنوری شارەوانی بەشێك لەزەویەكان بۆ بەرژەوەندی شارەوانی كوژاونەتەوە، ئەم یاسایە بەشێوەیەكی غیابی لە ساڵی ١٩٨١ جێ بەجێ كراوە، لەودەمەی كە خەڵكی دەڤەرەكە بەهۆی شەڕی عێراق – ئێران ئاوارەی ئۆردوگازۆرە مێلێكان بوون، خەڵكی خاوەن زەویەكان بەهۆی تەبلیغی پۆلیس قەرەبویان وەرگرت، كە بەشێوەیەكی زۆر نا عادیلانە خەملێندرابوو، بەوەی جیاوازی نەكرابوو لەنێوان زەوی بازرگانی و نیشتەنی، هیچ حسابێك بۆ ئەو زەوی و باغانە نەكرابوو كە جوتیارەكان لەسەر ئەم زەویانە رەنێویان هێنابوو، هیچ حسابێكیش بۆ ئەو هەموو دامەزراوانە نەكرابوو وەك خانوو دووكان و گازینۆو ... هتد شایانی باسە یاسای كوژانەوە بە نیسبەت هەندێك پارچە زەوی بەشێوەیەكی بەشی (جزء)كراوە، بۆنمونە پارچەی ژمارە (١ و ٦ و ١٦)لەكەرتی ٣٢ چۆمان بەشەكەی تریان لەسەر ناوی خاوەنەكانیان ماوەتەوە، هەروەها بەشی هەرەزۆری زەویەكانی تر وەكو كۆسرەتان و بەری سەكران و مەزرای مەمیخەلان و لیواو مەزرای وەردە، بەر یاسای كوژانەوە نەكەوتوون و لەسەر ناوی خاوەنەكانیان ماونەتەوە.

من پێم باشە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانی كوردستان یاسایەكی گونجاو دەربكات كە مافی هیچ كەسێك پێشێل نەكرێت و بەتایبەتی خەڵكی دەڤەری چۆمان و باڵەكایەتی بەگشتی یەكەم سوتەمەنی و دەستە چیلەی شۆڕشەكانی گەلی كوردستان بوون، كە دەكرێ جەنابی قائیمقامی قەزای چۆمان و سەرۆكایەتی شارەوانی و ئەنجومەن و لایەنە سیاسیەكان ڕۆڵی كاریگەریان هەبێت لە چارەسەركردنی ئەو قەیرانەی ناوچەكەی گرتۆتەوە لە ڕووی ڕێگرتن لە ئاوەدان كردنەوەو دروستكردنەوەی بازاڕ بەشێوەیەكی هاوچەرخ و ئەندازەیی بۆئەوەی پرۆژەكانی تری حكومەت سیمایەكی جوانتر بە شارەكە بدەن، بەپێچەوانەوە كەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدار زیاتر خەڵك بێ ئومێد دەكەن و ناوچەكەش گەشەكردن بەخۆیەوە نابینێت بەتایبەتیش چۆمان، كە لەسەر هێڵی ستراتیجی هاملتۆنە دەكرێ وەك مەرزێكی نێودەوڵەتی بكرێتە سەنتەرێكی گرنگی بازرگانی و ژیاری سیمایەكی شارستانی بەخۆیەوە ببینێت، زۆر جێگای دڵتەنگیە دەڤەرێك دوو شۆڕشی لەباوەش گرتبێت، ئێستاش وەك گوندێكی پاشكەوتووی وەك سەدەكانی ناوەڕاست بێ بازاڕو بێ هوتێل و بێ گەراج و بێ گشت نیشانەیەكی پێشكەوتن بێت، جەنابی قائیمقام وەك خەمخۆرێكی شارەكە دەكرێ باسكی هیمەتی لێ هەڵماڵێ و بوێرانە بێتە مەیدان و كارێك بكات هەمووان سودی لێ ببینن و ناوی خۆشی لەسەر پەڕەی یادەوەریەكانی هەر تاكێكی ئەم دەڤەرە بە زیندووی بمێنێتەوە.

**كەمال حاجی حوسێن:**

دەربارەی ئەو بڕەگەیە لە یاسای نوێ كە لە پەرلەمانی كوردستااندا دەرچووە، دەڵێت " مافی موڵك داری بۆ ئەوكەسانە نامێنێتەوە " بۆ دەڤەرەكەی ئێمە شتێكی نەگونجاوە، چونكە لەكاتی خۆیدا قانون نەیتوانیوە كۆنترۆڵی تەواو بكات لە ناوچەكەی ئێمە لەلایەك، هەروەها زۆرێك لە خەڵكی ئێمە زیانی زۆری بەر دەكەوێت بە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵكی لەوكاتەدا نەدارو نە خوێندەواربووە، ڕەنگە زۆربەشیان هەر بەكارێكی گرنگیشی نەزانیبێت، چجای ئەوەی لەسەر ناوی خۆی تۆمار بكات، بە نمونە موڵكی وا هەیە دەیان جار فرۆشراوە بەڵام خاوەنەكەی تەسویەی نەكردووە لەسەر ناوی خۆی.

**ماموستا ئیبراهیم حوسێن مامەند:**

لەو بڕوایەدام ئەم بڕیارە بڕیارێكی ڕەوانییە، ئەم بڕیارە لە بنەڕەتدا بۆئەوە دەرچوو تاكو دژایەتی شوڕشی كوردو خەڵكی ناوچەكەی پێ بكرێت، یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ كە بەپێی ئەو یاسایە هیچ كەسێك مافی موڵك داریەتی نامێنێ و بەپێی ئەم یاسایە تەواوی موڵكەكانی باڵەكایەتی بوونەتە موڵكی میری، لەكاتێكدا مێژووی دەڤەرەكەو ڕابردووی شۆڕشەكانی كوردستان ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنن كە خەڵكی دەڤەرەكە چەند مانووبووە پێیانەوە هەروەك شاراوەش نییە ئەم بڕیارە لەوكاتەدا بۆچی دەرچووە؟

شەرمە بۆ حكومەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان شەرمە كار بەو بڕیارە دەكەن، ئەگەر بڕیارەكانی بەعس جێ بەجێ بكەن ئەوا ئاكامێكی خراپی بۆ ئەزموونی حوكم ڕانی هەرێم ئەبێت، من داواكارم ئەو بڕیارانە ڕەت بكرێتەوە، خۆم بە خاوەنی ئەو زەویانە دەزانم كە ئێستا بەكاریان دەهێنم، موڵكی باب و باپیرانە بۆم جێماوە، پێویستە حكومەتی هەرێم بڕیارێكی ئیستسناء دەربكات تاكو پەرلەمان ئەو كێشەیە یەكلایی دەكاتەوە.

**تێبینی/ ئەم چاوپێكەوتنانە بەر لە پرۆژە یاساكەی پەرلەمان كراون كە لە لاپەڕە٧ی ئەم ژمارەیە بلاْومان كردۆتەوە**

**زۆر جێگای دڵتەنگیە دەڤەرێك دوو شۆڕشی لەباوەش گرتبێت، ئێستاش وەك گوندێكی پاشكەوتووی وەك سەدەكانی ناوەڕاست بێ بازارو بێ هوتێل و بێ گەراج و بێ گشت نیشانەیەكی پێشكەوتن بێت**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com